# پایە و بنەماکانی سیاسەتی گشتی

**ناوی کتێب:** پایە و بنەماکانی سیاسەتی گشتی

**نووسینی:** دکتر حەمیدڕەزا مەلیك محەمەدی، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران

**وەرگێڕانی:** محەمەد کەریمخان، زانستگەڕی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران

**بابەت:** سیاسەتی گشتی، بەرنامەدانانی سیاسی

**پوختەی کتێب**

سیاسەتی گشتی، چوارچێوەی ژیانی ئێمە لەناو کۆمەڵگەدا دیاری دەکات؛ بۆیە پێویستە بەوردی کۆڵینەوەی بۆ بکرێت. لێرەدا ئەو زانستەی کە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە، زانستی سیاسەتی گشتییە. لەناو ئەم زانستەدا دونیای سیاسەتەکان لە پێش لەدایکبوونیان و تا دوای نەمانیشیان دەدرێنە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. ئەم سیاسەتانە لە لایەن دەوڵەت و دامەزراوە گشتییە نادەوڵەتییەکانەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دانراون تاکوو ژیان شێوەی ئاسایی و ڕووەو پێشەوەی هەبێ، کێشە نەیێتە پێش کارکردەکانی ژیان و ئەگەر هاتە پێشیش بەئاسانی و بەبێ تێچووی زۆر چارە بکرێن. لەم کتێبەدا هەوڵمان داوە تاکوو پایە و چەمکە سەرەکییەکانی ئەم زانستە لەناو قاڵبی نووسینێک بەپێی ستانداردەکانی دەقی زانکۆیی پێشکەش بە خوێنەرانی تایبەتی و گشتی بکەین.

**گرینگیی کتێبەکە**

کتێبی بەردەست، زانستی سیاسەتدانانی گشتیی بە زمانێکی سادە و بە نموونەی بەرچاو ڕوون کردۆتەوە. سیاسەتە گشتییەکان کە کۆی ژیانی ئێمەیان لەناو کۆمەڵگەدا دەورە داوە، دەبێ بە قەڵەمێکی زانستی بنکۆڵ بکرێن. هەڵدانەوە و لێکدانەوەی ئەم کارە، پێویستی بە زانستی سیاسەتداڕشتن هەیە. ئەم زانستە سەروبنی سیاسەتەکان شی دەکاتەوە؛ لە ڕاستیدا زانستێکە پەیوەندیی بە دەوڵەت و دامەزراوە نادەوڵەتییە گشتییەکانی کۆمەڵگەوە هەیە. ئەم کتێبە هەستاوە بە کۆکردنەوەی بنەماکانی ئەم زانستە بە شێوەیەکی پۆلێنبەندکراو بۆ کەسانی ئەکادیمی.

گرینگیی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی لەوەدایە کە ڕەنگە بەشێک بێ لە هەڵبەستنی بناوانی جۆگەی سیاسەتی گشتی لە کوردستان. گرینگیی دیکەی لەوەدایە کە سیاسەتی گشتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی هاوشێوەی کوردستان بە نموونە دێنێتەوە. واتا نموونەی ئایدیەڵ و سەرکەوتوو نیشان دەدات و نموونەی بەراوردکاریی لەجێ لە گەڵ وڵاتێکی دراوسێ دێنێتەوە. بۆ نموونە ئەمریکا و ئینگلیز وەك ئەوپەڕی سەرکەوتووانی سیاسەتی گشتی و ئێران وەك وڵاتێکی هاوشێوە و تا ڕادەیەک وێچوو لە ڕووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی لەگەڵ دۆخی گشتیی کوردستان بۆ کاری بەراوردکاری بە گرینگ زانراوە. بەو هیوایەی ئەم زانستە لە کوردستاندا بپشکوێ و پێش کەوێ و بەشی سیاسەتی گشتی و ئاییندەتوێژی، بە لێکۆڵینەوەکانیان هاوکاری دەوڵەتمەداران بن بۆ ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی زانستی و

هەموولابینی بچنە پێش.

**خوێنەرانی ئەم کتێبە**

خوێنەرانی سەرەکیی ئەم وانانە خوێندکارانی بەکالۆریۆسی زانکۆکانن کە لە بەشەکانیان وانەی سیاسەتی گشتی دەگوترێتەوە. هەروەها ئەم کتێبە بۆ خوێندکارانی قۆناغەکانی سەرەوەتریش بۆ دووبارە خوێندنەوە و پۆلینکردنی بابەتەکان بەسوودە. هەروەها ئەم کتێبە بۆ دەوڵەتمەداران و بەرپرسانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان بەکەڵکە و پێویستە.

**بەشەکان**

پێکهاتەی ئەم کتێبە پێك دێت لە سێ بەشی سەرەکی کە بریتین لە بنچینەکانی سیاسەتی گشتی، پێداچوونەوە بە هەندێ بەشی سیاسەتی گشتی و، لە کۆتاییدا ئاسۆی داهاتوو و سیاسەتی گشتی دەدرێتە بەر باس و، هەر بەشێك بەپێی ناونیشانی خۆی چەند تەوەرێکی تێدایە. بەشی یەکەم پێك دێت لە حەوت تەوەر: **تەوەری یەکەم**، لە سرشتی سیاسەتی گشتی و بنچینە سەرەکییەکان دەکۆڵێتەوە. لەم بابەتەدا چەرخەی سیاسەتەکان و قۆناغە جۆراوجۆرەکان دەدرێنە بەر باس و، دواتر هەر یەك لە قۆناغەکانی چەرخە دەبنە دەستمایەی بەشەکانی دیکە. بە جۆرێك کە لە **تەوەری دوەم**، دەستووری کاری سیاسەتدانان؛ **تەوەری سێیەم**، ڕێکخستنی سیاسەتەکان؛ **تەوەری چوارەم**، جێبەجێکردنی سیاسەتەکان؛ **تەوەری پێنجەم** هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکان؛ **تەوەری شەشەم**، گۆڕینی سیاسەتەکان؛ **تەوەری حەوتەم**، کۆتایی سیاسەتەکان شرۆڤە دەکرێن.

بەشی دووەمی کتێبەکە، پێداچوونەوەیەکە بۆ هەندێک بەشی گرینگی سیاسەتی گشتی. لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت خوێندکاران لەگەڵ بەشە سەرەکییەکانی سیاسەتی گشتی ئاشنا بن. گونجاندنی تەوەرەکان و هێنانی نموونەی خۆماڵی لەم بەشەدا، بابەتەکان بە شێوەیەکی هەستپێکراو دەداتە بەر دەستی ئارەزوومەندان. بە جۆرێك، **تەوەری هەشتەم** بۆ لێکوڵینەوەی سیاسەتی فێرکاری؛ **تەوەری نۆیەم**، بۆ سیاسەتی تاوانی؛ **تەوەری دەیەم**، بۆ سیاسەتی ژینگەیی؛ **تەوەری یازدەیەم**، بۆ سیاسەتی خۆشگوزەرانی و **تەوەری دوازدەیەم** بۆ سیاسەتی ئابووری تەرخان کراوە.

لە بەشی سێیەمدا، سەرنج دەدرێتە بەشی تەواوکاری لەژێر ناونیشانی داهاتووبینی و سیاسەتی گشتی. تەوەرەکانی ئەم بەشە بریتین لە سیاسەتتوێژی (توێژینەوە لە سیاسەت)، توێژینەوەکانی سیاسەتی لەناو مەیدانی کار و توانامەندکردنی زانستگەڕانی سیاسەتی گشتی.

پۆلێنبەندیی ئەم کتێبە بۆ سێ بەش و تەوەرە پەیوەندارەکان، یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە کە بۆ فێرکاری شیاوە. هەر تەوەرێك پێك دێت لە هەندێ شتی گرینگ و نموونەی سەرنجڕاکێش کە لەناو چوارچێوەیەك دانراون. هەروەها، لەناو هەر بابەتێکدا باسگەلێك لەژێر ناوی "بۆ باسکردن لەسەر پۆل" دیاری کراون کە بە ڕێنوێنیی وانەبێژان بە مەبەستی ئاشنابوونی ڕەهەندە جۆربەجۆرەکان و تێراوکردنی باسەکان بابەتێك لەناو پۆلدا دەپێژرێت. لە کۆتاییدا، دانانی بەشی دوایی کتێب کە تایبەتە بە توێژینەوەی سیاسەتی، داهێنانێکە کە گرینگی، جۆر و کارابوونی لێکۆڵینەوەکان فێری خوێندکاران دەکات.